چارەسەر چییە؟

ئەیوب بارزانی:
پێویستە ڕێکخراوی نوێ دابمەزرێن
دەستەڵاتی ئێستا ناتوانێت کورد بپارێزێت
دەستەڵاتی کورد هەمیشە گرێدراوی بڕیاری دەرەکیی بووە
سەرکردەکانی کورد پێشەنگی کولتوری خۆبەکەمزانینن

ئاشتی ئیبراهیم ئەفەندی:
ڕەنگە ڕێکخراوی نوخبە دروست ببێت و ببێت بە جەماوەریی
هەندیک پارت دەیانەوێت فێڵ بکەن، هەم دەستەڵات هەم ئۆپۆسیزیۆن
هاوسەنگیی هێز نەبێت لاواز ملکەچیی بۆ دەمێنێتەوە
کێشەی یەکەمی سەرۆکی پارت بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی

لە وەڵامی پرسیارنامەیەکدا لە سایتی کوردستانپۆستدا ناسر حەفید ڕای وابوو کە کورد نابێت چارەنوسی خۆی بداتە دەست ئەمەریکاو وڵاتانی تر کە هەموو جارێک بە هانایەوە بێن و بیپارێزن، ئایا ئەم ڕەوشەی کورد لە چییەوە هاتووە، لەم بارەیەوە:
ئەیوب بارزانی دەڵێت: "ئەمە لەوەوە هاتووە کە دەستەڵاتی کوردیی کە دەستەڵاتێکی کلیپتۆکراتە، لە ماوەی ئەم 60 ساڵەی ڕابوردودا نە باوەڕی بە خۆی هەبووە نە بە گەلی کورد. هەمیشە گرێدراوی بڕیاری سیاسیی دەرەکیی بووە. بۆ وێنە لە ساڵەکانی شەست و حەفتاکاندا گرێدراوی ئارەزوی شای ئێران بوون و ئەنجامەکەشی بوو بە کارەساتی ئاشبەتاڵی ساڵی 1975. پاش دەرکردنی سوپای عێراقیی لە کوێت ساڵی 1991 تا ساڵی 2003 گرێدراوی بڕیاری سەددام حسەین بوون. بینیمان لە (31)ی ئابی ساڵی (1996)دا کە دەبابەکانی سەددام هاتن هەولێریان داگیر کرد. دوای ئەوە بڕیاری سیاسییان دایە دەست ئەنقەرە. کوردستان بوو بە سەنتەرێکی بازاڕی وزە و بازرطاني توركيى. ئنجا تا ئەم دەستەڵاتە هەبێت گومانی تیا نییە کە گەلی کوردستان بە هیچ شێوەیەک خاوەنی بڕیاری سیاسیی خۆی نابێت.

ئاشتی ئیبرایم ئەفەندی لەسەر ئەم پرسە کە "کورد نابێت چارەنوسی خۆی بداتە دەست بێگانە" بەم جۆرە دەدوێت:
"پەیوەندیی دیبلۆماسیی دەرەوە گرنگیی خۆی هەیە، تا ئەو ئاستەی کە ئەو پەیوەندییە لە خزمەتی بەرنامەی نیشتیمانییدا بێت بە پێی قۆناغەکان. پێم وا نییە دەستەڵاتی کوردیی لە ماوەی بیست و سێ ساڵدا توانیبێتی ئەوە بکات، ئەمە لە لایەک. لە لایەکی ترەوە لە دونیای واقیعدا کاتێک لە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا هاوسەنگیی هێز نەبێت لە نێوان لایەنەکانی پەیوەندیداردا بۆ دروست کردنی پەیوەندییەکی سیاسیی هاوسەنگ، ئەو کات لایەنی لاواز هەموو کاتێک ملکەچیی بۆ دەمێنێتەوە. چونکە پەیوەندیی دیبلۆماسیی مانای پەیوەندیی بەرژەوەندییەکان و ئیدارەکردنیان بە جۆریک کە تیایاندا جۆرەها دەستکەوتی لە نموونەی سیاسیی و ئابووریی نەتەوەیی بەدەست بهێنێت. حکومەتی هەرێم لە ماوەی بیست و سێ ساڵی دەستەڵاتیدا نەیتوانیووە هەنگاوە هەرە سەرەتاییەکان بنێت بۆ دامەزراندنی توانایەکی ئیداریی، ئابوریی، سەربازیی و کۆمەڵایەتیی تا سەنگێک دروست بکات کە یارمەتیدەری بێت بۆ ئەوەی بەرەو سەربەخۆیی بڕیاردان و پشت بەخۆبەستنی ببات. سەرئەنجام ئەمە ببێتە هۆکار و یاریدەدەرێک لە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا بۆ ئەوەی هەژماری بۆ بکرێت لە سەر ئاستی ناوخۆی عیراق، ناوچەکەو دونیا. بۆیە زۆر سروشتییە کە ئەو هێزە لە پەیوەندیی دەرەوەدا لە پلەی خوارەوە بێت و هەموو مەرجەکانی لایەنەکانی تری بەسەر بسەپێندرێت. کاتێکیش کە پێویستییان پێی نەما پشتی تێ بکەن. حکومەتی بنکە فراوانی هەرێم ئەگەر لای وا بێت کە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ عێراق، ئێران، تورکیاو ئەمریکادا لەسەر ئەم بنەمایانە بەستووە: (هێز، ڕێز لە سنووری کوردستان، کیانی کوردیی و پاراستنی ئاسایشی کوردستان لە کاتی تەنگانەدا) ئەوا هەڵەیەکی زۆر گەورەی کردووە.
بۆ سەلماندنی ئەوەش، ئەگەر ورد ببینەوە لە ئەزمونی ئەو پەیوەندییانە لەو بیست و سێ ساڵەدا دەبینین کە رووی داوە پاسدارانی ئێران یان سوپای تورکیی سنووریان بەزاندوەو هاتونەتە ناو هەرێمەوەو بە تۆپ و تەیارە ناوچەکانی سەر سنووریان تۆپ باران کردووە. هەرچی ئامانجێکی سەربازییان هەبووە پێکاویانەو ئینجا ناوچەکانیان بەجێ هێشتووە. هەروەها سوپای عێراق خۆی نەکرد بە خاوەنی شەڕەکان لەگەڵ داعش لە ناوچەکانی شەنگاڵ، جەلەولا، مەخمورو موسڵ. ئیدی دەبێت ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە کوێدا بن؟ جگە لەمەش نموونە هەیە بۆ ڕازیکردنی ئەنقەرەو تاران هەرێم خۆی بەشدار بووە لە لێدانی ئەو پارتە کوردییانەی کە لە خەباتی چەکدارییدان دژ بە تورکیاو ئێران. لە پاڵ ئەوەشدا پڕبوونی شارەکانی کوردستان لە دەزگای میتی تورکی و ئیتیلاعات، کردنەوەی قوتابخانەو دایەنگای تورکیی وعەرەبیی دەبینرێت. شان بەشانی ئەوانە هەمووی تورکیاو ئێران سود وەردەگرن لە نەوت و دەرامەتی باشوری وڵات.

دەربارەی ئەوەش کە ئەمە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە کە کورد هیچی بۆ خۆی دانەناوەو هەمیشە چاوەڕێیە بە هانایەوە بێن، ئاشتی ئیبرایم ئەفەندی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی دەستەڵاتی پارتەکان و دەڵێت:

"حکومەتی هەرێم وەکو کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت بەڕێوەدەبردرێت نەک وەکو حکومەتێک کە خاوەن دامەزراوەی فەرمی خۆی بێت، یاسا، دەستور و داد تیایدا بالا دەست بێت. ئەو کۆمپانیایانەش پڕ کراون لە کەسوکاری خۆیان و داروودەستەیان، سامانی ولاتەکە بە ئارەزوی خۆیان لە نێوان خۆیان دابەش دەکەن.
هێشتا لە باشوری ولات لێپرسراوی یەکەمی ناو پارتەکانی بەشداربووی حکومەتی بنکە فراوان دەوری سەرەکیی دەبینن لە بڕیاردانی سیاسییدا. جا پێش هەمووشتێک ئەوەی ئەو سەرکردانە بیری لێ دەکەنەوە بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیانەو مانەوەیانە لە سەر کورسی. بۆیە هیچ هەنگاوێک نانێن ئەگەر بزانن مەترسیی دروست دەکات لە سەر کورسییەکەیان. لێرەدا دوو بەرژەوەندیی دژ بەیەک دروست دەبێت یەکەمی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان و کەسوکاریان و ئینجا پارتەکانیان. دووەم بەرژەوەندیی گشتیی.
ئەو دوو بەرژەوەندییەش هەموو کاتێک و هەموو جارێک وەکو دوو هێلێ تەریب بەیەکەوە ناڕۆن. بۆیە نۆکەریکردن بۆ سوریا، ئێران، تورکیا، عێراق و بوون بە پاشکۆیان بەرژەوەندیی یەکەمی تیادا وەدەست دەهێنن. ئەگەر زانیان بەرژەوەندیی و بوونیان لە مەترسیدایە ئەوا بە بڕیاری کەسی یەکەمی پارتەکە بڕیاری چەک فڕێدانی بە کۆمەڵ یان بوون بە جاش و نۆکەریی دەدەن.
بەڵگەش بۆ ئەوە زۆرە، جاشایەتیی سالی ١٩٦٦، ئاشبەتالی سالی ١٩٧٥، کیمیابارانی هەڵەبجە، شەڕی براکوژیی بە درێژایی هەشتاکان لە شاخ، ئەنفالی سالی ١٩٨٨ و ڕۆیشتنی تالەبانی دوبارە بۆ دەرەوەی ولات لە سەرەتاکانی سالی ١٩٨٨دا. ئیزندانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی لە کۆتایی هەمان ساڵدا لە لایەن سەرکردایەتیی یەکێتیەوە لە شاری سەقز، هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە قاسمە ڕەش سالی١٩٩١، کۆڕەو سالی ١٩٩١، لێدانی پەکەکە سالی ١٩٩٤، هێنانی سوپای ئێران بۆ سەر بنکەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی ئێران، هێنانی سوپای عیراق سالی١٩٩٦، دووبارە شەڕی براکوژیی و دوو ئیدارەیی ١٩٩٧، سنوور داخستن بەرووی کوردی ڕۆژئاواداو دوبەرەکانیکردنی یەپەگە سالی ٢٠١٣ لە کاتێکدا ئەو هێزە سەرقالی شەڕی داعش بوون. ئینجا کوشتاری کوردو مەسیحی لەلایەن داعشەوە سالی ٢٠١٤، کە بە ڕۆژی روناک رووی داو هەموو سەرکردەی پارتەکانی بەشداربووی حکومەتی بنکە فرەوانی هەرێم تەنیا دەوری تەماشەکەریان بینی لە کوشتنی بە کۆمەڵ و مەزاتکردنی ژنەکان لە بازاڕی عەرەبییدا. دوای بیست و سێ سال لە حوکمرانی هەرێم تواناى ئەوەیان نەبوو پارێزگاریی لە خەڵکی سیڤل بکەن تەنیا بۆ چەند سەعاتێک.
جگە لەوەش هێرشەکانی داعش بۆ کوردستان کتوپڕ نەبووە، بۆ ماوەی دوو ساڵە ئەو هێزە لە شاری موسڵ و ناوچەکانی کەرکوک، قەراج و دەشتی هەولێر بە ئارەزووی خۆیان دەسورانەوەو دەست درێژییان دەرکردە سەر خەڵک. ئەگەر ئەو زانیارییانە بۆ خەڵک لە ئاستی شەقامی کوردیدا نامۆ بێت بەلام بۆ سەرکردەکانی هەموو پارتی بەشداربووی حکومەتی بنکە فراوان نامۆ نەبووە. بەلام گوییان پێ نەداو ئامادەباشییان بۆ نەکرد و نەیانویست لێپرسراوەتیی پاراستنی میللەت لە ئەستۆ بگرن. ئەویش تەنیا بۆ هەندێک دەستکەوتی تایبەتیی خۆیانە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەردەکەوێت.
لە هەمان کاتدا ناسر حەفید پەنجەی بۆ توانای مرۆڤ ڕاکێشا کە من و تۆش ئەتوانین وەکو ئەو کەسانە بین کە چاومان لە دەستیانەو بگەین بەو شتانەی کە هەولیان بۆ ئەدەین، ئایا ئەم پڕوابوونە بە توانای مرۆڤە تاکەکان تا چ ڕادەیەک جێگای ڕێتێچوونە لە خاکێکدا کە دەستەلاتەکەی وەکو پێشتر باست کرد هەر پشتی بە بێگانە بەستووە؟

ئەیوب بارزانی لە وەلامدا ئەڵێت:
"یەکێک لە هۆیە گرنگەکانی پەیدانەبوونی تاکە کەسی سەربەخۆ لە کۆمەڵگای کوردییدا ئەوەیە کە کولتوری خۆبەکەمزانین کولتورێکە کە کاری بۆ کراوە، لە خۆیەوە پەیدا نەبووە. سەرکردەکانی کورد خۆیان پێشەنگی ئەم کولتورە بوون. داگیرکەرانیش دەوریان هەبووە لە پتەوکردنی ئەم کولتورەدا. ئەگینا مرۆڤ خاوەنی توانایە ئەتوانێت لە بازنەی ئەم کولتورە داخراوە دەربچێت. سیاسەتمەدارانی گەلان ئەرکیان ئەوە بووە کە ئەم بازنەیە بشکێنن نەک وەکو سەرۆک پارتەکانی کورد بکەونە ناو ئەو بازنەیەوە.

ئاشتی ئیبرایم ئەفەندی دەڵێت:
"لە ناو کۆمەڵگادا بێگومان تاک دەوری زۆر گرنگیی هەیە. دەتوانم بڵێم خالی دەستپێکردنی بناغەدانانە لە ناو کۆمەڵدا بۆ بەرهەمهێنانی ئامرازێک کە بتوانرێت کۆمەڵگای پێ ڕێکبخرێت و بەڕێوەببرێت. بە درێژایی بوونی ئەو پارتانە لە باشوری ولاتدا پەروەردەکردنی تاک لایان گرنگ و مەبەست نەبووە. یەکێک لە هۆیەکان ئەوەیە تاک چەند پڕوابەخۆبوون و ڕێزی خۆی بەهێز بکات کۆنترۆڵکردنی ئاسان نابێت و گیانی یاخیبوونی زیاتر لا دروست دەبێت لە هەموو دیاردەیەکی گەندەڵیی لە هەموو ئاستەکاندا. بۆیە بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندیی سەرکردەکان و پارتەکانە کە تاک بە لاوازیی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر ببێت بە پاشکۆ. حکومەتی بنکە فراوانی هەرێم بە درێژایی ٢٣ سال لە حوکمرانی نەیویستووە کەسایەتیی بەهێز لە تاکەکان دروست ببێت، ئەوەی دروستیش بووە لە ژێر پەروەردەی ئەواندا نەبووە.
پەروەردەی حکومەتی هەرێم کەلتورێک بووە چۆن تاک دەکەی بە زەلیلی خۆت لە ڕێگای کارکردن لەسەر غەرائیزەکانییەوە نەک لەسەر گەشەپێدانی هزر، هۆش، تواناکانی و بیرکردنەوەی. پارەو پۆست و دەوڵەمەندبوون و ملکەچیی و چاوشۆریی و ڕاکردن و ترس و تۆقاندن کەلتوریکە کە تاکی کوردیان لەسەر پەروەردە کردووە. تاکیان دروست کردوە کە چاوپۆشی لە هەموو دیاردەیەکی گەندەڵیی بکات و بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی تاک لە ڕێگای پاراستنی بەرژەوەندیی ئەوانەوە بێت. بۆیە تاک نە متمانەی بە تواناکانی خۆی هەیە وە نە متمانەی بە دەستەلاتی کوردیی هەیە کە بیپارێزێت.

لە هێرشەکانی داعش بۆ سەر باشوری کوردستان، لەبەر نەبوونی متمانە بە دەستەڵات و بە خۆیان هەموو خەڵک ڕێگای ڕاکردنی بە کۆمەڵی گرتبووە بەر. لە میدیاکانی خۆیاندا ورەی پێشمەرگە و خەڵکیان دابەزاند. ئەوەندەی سەرکردەکان لە لێداونەکانیاندا باسی بەهێزیی ئیماکاناتی ئابووریی و سەربازیی داعش بکەن و لپێپرسراوە سەربازەکانی سەر بەخۆیانە هەر زوو ڕێگای ڕاکردنیان گرتە بەر، دوایش خەڵکیان هێنا بەرامبەر بە کامیرای حزبەکان و میدیای سێبەر بگریێن و دەست پان کەنەوە.
ناسر حەفید وتی؛ "سەرکەوتن و ژێرکەوتن، بەهێزیی و بێ هێزیی بەستراوە بە جۆری خۆڕێکخستنی کۆمەڵگاوە. بۆ ئەمەش پێویستە ڕێکخراوی سیاسیی تازە هەبێت". بە گوێرەی ئەم قسەیە توانای سیاسیی مرۆڤ لە جۆری ڕێکخستنی کۆمەڵگادا دەردەکەوێت، لە قسەکانی پێشوی"ئەیوب بارزانی"دا وا دیارە کە ئەو پارتانەی هەن وەکو لە ڕوداوەکانیشدا دەردەکەوێت بە جۆرێک کۆمەڵگایان ڕێکنەخستووە کە توانایاک دروست بکات بۆ بەرگریی و بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، بەڵکو بە پێچەوانەوە. ئایا بە ڕای تۆش دروستبوونی ڕێکخراوی سیاسیی نوێ لە ئێستادا پێویستە؟ ئایا ویستێکی وا هەیە لەناو کوردا کە ڕێکخراوی سیاسیی کوردیی دروست ببێت بە بێ پارەو چەکی وڵاتان و بە بێ ئەوەی موچە بدات و بە پێچەوانەوە مرۆڤ قوربانیی بۆ بدات؟

ئەیوب بارزانی لە وەڵامدا دەڵێت:
"بەڵێ پێویستەو درەنگیش کەوتووە. ئەگەر ئێمە تەماشای 23 ساڵی ڕابوردو بکەین دەبینین تا چ ڕادەیەک زەرەرمەندبووین، دەستورمان نەبووە ئیشی پێ بکەین، سوپایەکی نەتەوەیی نەبووە، ئیدارەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی نەبووە، دەزگایەکی پاراستنی نەتەوەیی نەبووە، لێپێچینەوە لە پیسخۆریی نەکراوە، کەسانی دزو تاوانکار نەدراونەتە دادگا، هیچ خۆئامادەکردنێک و پێشبینییەک نەکراوە بۆ ڕوداوی کتوپڕ، موچە لە بەغداد نەهات حکومەتی کوردیی نەیتوانی موچەی فەرمانبەران دابین بکات. داعش هات شەنگالی گرت دەستەڵاتی کورد کەوتە هاوار بۆ ئەوەی ئەمەریکا، فەرەنساو بەریتانیا فریای بکەون. سواڵی پارە ئەکەن بۆ پەناهەندەکان کەچی خۆیان کۆشک و تەلاریان لە پایتەختەکانی ئەوروپاو ئەمەریکا کڕیووە. ئەمانە بۆمان دەردەخات کە ئەم کلیپتۆکراتانە (دەستەڵاتی دز)ی کورد ناتوانن ئەم گەلە بپارێزن بەڵکو بە پێچەوانەوە بەرەوڕوی کارەساتی دەکەنەوە. لەبەر ئەمانە پێویستە ڕێکخراوی سیاسیی نوێ دابمەزرێن بۆ ئەوەی بەرامبەر بەم کردەوە ناجۆرە مەترسیدارانە بووەستێتەوە."

لەو ڕوەوە کە ئەگەر ویست بۆ دروستبوونی ڕێکخراوی نوێ لە ناو خەڵکدا هەبێت، ئەیوب بارزانی دەڵێت:
"بە ڕای من ویست هەیە لەناو خەڵکدا بۆ دروستبوونی ڕێکخراوی نوێ بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو ویستانە کۆبکرێنەوەو ڕێکبخرێن. کێشەی داعش و گرتنی شەنگال، خەڵک خەریک بوو هەولێر چۆڵ بکات، ئەمانەو شتی تریش جەڕەسێکی ڕون و ئاشکران بۆ ئەوەی کە پیشانی بدەن ئەم دەستەڵاتی کلیپتۆکراتەی کورد بە هیچ شێوەیەک هی ئەوە نییە متمانەی پێ بکرێت. لە ڕاستییدا ئەم پارتانە دوای ئەوەی کە پێشتر چەندەها کارەساتیان بەسەر کورددا هێنا بوو هەق نەبوو بە هیچ جۆرێک گەل متمانەیان پێ بکات و ڕێگایان بدات دەستەڵات بگرنەوە دەست. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پێویستی بەوە هەیە کە خۆی نوێ بکاتەوە."
دەربارەی ئەوەی کە ئایا ڕێی تێدەچێت ڕێکخراوێک دروست ببێت بە بێ پشتی وڵاتان و بێ ئەوەی موچەو پارە بدات و بە پێچەوانەوە خەڵک قوربانیشی بۆ بدات، ئەیوب بارزانی وتی:

"زۆر جار پارە تێکۆشان تێک ئەدات. کلیپترۆکراتی کورد لە ژێر پەردەی نیشتیمان پەروەرییدا دزیی لە میللەت کردووەو قوربانیی نەداوە. ڕێگای تێکۆشان بۆ نیشتیمان ڕێگایەکی سەخت بووە، لەسەر موچەو پارە ناوەستێت. پێشمەرگەی باشور کە کلیپترۆکراتی ملیاردێری کورد سەرپەرشتی دەکات ڕایان کرد کەچی پێشمەرگەی ڕۆژئاوای بێ پول بەرگرییەکی مەردانەو کاریگەریان کرد دژی داعش کە جێگای سەربەرزیی گەلی کورد بوو.
ئاشتی ئیبرایم ئەفەندی دەربارەی دروستبوونی ڕێکخراوی نوێ پەنجە ڕادەکێشێت بۆ هەبوونی بۆشایی لە مەیدانی سیاسییدا، ناوبراو دەڵێت:
"بۆشاییەک دروست بووە لە باشووری کوردستان بە نەبوونی ئۆپۆزسیۆن. پارتە بەشداربووەکانی حکومەتی بنکە فراوان هەندێکیان دەیانەوێت فێڵ لە خەڵک بکەن، وا ڕابگەیەنن کە ئەوان هەم لە دەستەڵاتدان هەم ئۆپۆزسیۆنن بەوەی ڕەخنەدەگرن لە سەرۆک و حکومەتی هەرێم. لە ڕاستییدا بوون بە ئۆپۆزسیۆن و بەشداریی لە دەستەڵاتدا دوو ئاراستەی جودان. بۆیە حاڵی حازر بۆشایی سیاسیی هەیە لە باشووری کوردستان. دوو ڕێتێچون هەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، کە هەردوکیان لەیەک کاتدا ڕەنگە ڕوو بدەن.
یەکەم، مێژووی خەباتی میللەتی کورد لە باشوری وڵات لە نیوەی سەدەی ڕابردوودا لە ڕۆژە سەختەکانی و ڕۆژانی شاخ و خەباتی ژێرزەمینیی تاوەکو ١٩٩١، بەڵگەی ئەوەن ئەو نوخبە بەشداربووە لەو شۆڕشانەدا شەهیدێکی زۆری داوەو بەبێ بەرامبەر، هیچ کاتێک چاوی لە پارەو ئیمکاناتی ماددیی نەبووە. بەڵام سەرکردەکان بە درێژایی ئەو مێژووانە لە سەروەڕا هەر لە هەوڵی ئەوەدا بوون شتێکیان دەست بکەوێت لە وڵاتانی عێراق، سوریا، ئیران و تورکیا. لەو کاتانەشدا ئیمکاناتە ماددیەکە هەر لە ژێر دەستی خۆیاندا بووە و بە ئارەزووی خۆیان بەکاریان هێناوە و لە کاتی ئاشبەتاڵەکانیشدا لەگەڵ خۆیان بردویانە، بۆیە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسیی بەبێ پارە و پۆست زۆر ڕێی تێدەچێت سەر هەڵبداتەوە لە نێو نوخبەی کۆمەڵگای باشورداو دواییش بەجەماوەریی بکرێت بەبێ پارە. ئەو ویستە لە نێو غەمخۆرانی دۆزی ڕەوای کوردآ بەدی دەکرێت لە باشوری وڵاتدا لە هەموو ئاستەکاندا. بەڵام ئەو هەنگاوە پێویستی بە دیراسەیەکی زۆر، وردبوونەوەو لێکدانەوەیەکی زانستیی زۆر هەیە بۆ هەنگاوی

یەکەمی و بەگروپکردنی ئەو ویستانە.
دووەم، ئیمڕۆ ڕەوشێکی تایبەت هاتۆتە کایەوە لە کوردستان کە سنوورەکان دەوریان نەماوە لە ڕێگری لە تێکەڵاوبوونی کورد لە هەر چوار پارچەکەوە، بۆیە ڕێتێچونی بەهێزهەیە کە پارتە سیاسییە کوردییەکانی پارچەکانی تری کوردستان کە بوونیان هەیە لە مەیدانەکە وەکو پەکەکە، یەپەگە و پژاک ئۆتۆماتیکیی ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە، بە تایبەتیی دوای هێرشەکانی داعش جەماوەرێکی ئیجگار زۆریان پەیدا کردووە بە تایبەتی یەپەگە. ئەو هێزانە خاوەن پێگەی جەماوەریین. خاوەن هێزی چەکدارین، ڕێکخراوێکی توندوتۆڵی ژێر زەمینییان هەیە لە پارجەکانی تری کوردستاندا، ئەندام و لایەنگریان هەیە لە پەرلەمان و شارەوانییەکانی تورکیا لە هەمان کاتدا خاوەن هێزێکی پتەوەی جەماوەریین لە نێو ڕەوەندی کوردی دەرەوەداو کێشەی ئابوورییان نییە، لە بڕیارە سیاسیەکانیشدا تا رادەیەک سەربەخۆیی خۆیان پاراستووە. لەبەر ئەو هۆکارانە ڕوودانی ئەو ڕێتێچونە مەترسییەکی زۆری دروست کردوە لەسەر دەستەڵاتی هەرێم، بۆیەش دەستیان کردووە بە کارکردن دژی.

سەنتەری لێکۆڵینەوەی کۆنتراکت
20/08/2014